# نیگەرانی لە سەرکەوتندا

پشکۆ نەجمەدین

پەیکەرەکان هەرەسیان هێنا. وێنەکان لەگەڵ بڵێسەی ئاگردا لولیان خوارد و بوونە زوخاڵ!. پەیکەرەکان تاپۆی دەسەلاتی دیکتاتۆر نەبوون!. ئەوان پەیکەری سەدام بوون!. سەدام دۆکتاتۆر نەبوو!. بەعس، سیستەمێکی تۆتالیتار نەبوو!. بەعسیزم، ئادۆلۆژیایەکی فاشی یان نازی نەبوو!. . . سەدام، سەدام و بەعس، بەعس و بەعسیزم، بەعسیزم بوون!. هیچ تێرمێک بۆ پێناسە کردنی چەمکی ئەم ناوانە لە سیستەمی تێرمۆلۆژیی سیاسیدا نابینینەوە. سەدام و بەعس و بەعسیزم، دەبێ لە فەرهەنگی سیاسیدا ببنە سێ تێرم کە چەمک و شرۆڤەی نوێ لە خۆ بگرن!.

سەدام و سیستەمەکەی بە جەنگ رووخان!. جەنگ کارێکی نەخوازراو و نەویستراوە، هەر بۆیە ملیۆنان ئینسان لەم جیهانەدا دژی جەنگ بوون. بە دوور لە هەڵوێستی دەوڵەتان و رێکخراوە سیاسییەکان کە هەر لایەنێک بە مەبەستێک لە رووی جەنگدا وەستانەوە، وەلێ ئینسانەکان لە روانگەی ئینسانییەوە دەیانویست بەر بە جەنگ بگرن!. ئەم ئینسانانە، نە ئەوسا و نە ئێستا و نە لە داهاتوویەکی دووریشدا، نەیانتوانیوە و ناتوانن بەعس بناسن، هەر بۆیە دژبەشەڕبونیان کارێکی ئاساییە!.

ئەوی لە دۆزەخی بەعسدا نەژیابێ، نازانێ دۆزەخ چییە!. قەڵاکانی دۆزەخ بە گورزی جەنگ رووخان و ئاگری سی و پێنج ساڵان کڵپە سەندووی دۆزەخ، بە ئاگری جەنگ خامۆش بوو!.

من دژ بە هەموو جەنگێکم، بەڵام ئەم جەنگەیان نا!. . . ئاخر ئەم جەنگە زەرووڕەت بوو نەک رێکەوت!. ئاخر ئەم جەنگە نەبایە، دەبوو ئۆپۆزسیۆنی ئێراقی، دژ بە دەسەڵاتی کوڕەکانی (عودەی) یش ئۆپۆزسیۆن بان!. ئەم جەنگە نەبا، پاشی دە ساڵانی تر، کەرکوک و خانەقین و گوند و شارۆچکەکانی دەوروبەری موسڵ تاقە کوردێکیان تێدا نەدەما!.

ئەم جەنگە، خەونی سی و پێنجساڵەی کوردی کردە حەقیقەت!.

ئەگەر بریاربێ جەنگ ببێتە کۆدی وەگەڕخستنی دەورانێکی نوێ لە ئێراق و کوردستان و نێوچەکەدا، ئەوا دەبێ کورد خۆی بۆ ژیانێکی نوێ لە دنیایەکی نوێدا ئامادە بکات، یاخود ئامادە کردبێت!.

هەرەسهێنانی رژێم لە بەغدا، ئازادبوونی کەرکوک و خانەقین و ناوچە بەعەرەبکراوەکانی دیکەی کوردستان و هەڵسوکەوت و پراکتیزەکردنی خیتابی (یەکگرتوو) ی سیاسیی کورد لە سەر زەوینەی واقیع و لە رەهەندەکانی رووبەڕووبوونەوەی ئازادیدا، لەسەر دەستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتیی کوردستاندا، کە دەسەڵاتی دووکەرتبووی سیاسیی کوردن، بە هەمان میتۆد و ئەقڵییەتی کۆنەوە لەتەک رووداوە نوێکاندا مامەڵە دەکەن!.

پارتی و یەکێتی، پێش روودانی جەنگ، نەیانویست و نەیانتووانی دوو ئیدارەکە یەک بخەن، یەک لەشکر درووست بکەن و لە بری کۆمیتەی باڵای هاوبەش، سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو دابمەزرێنن و هەر نەبێ لەم دۆخە ناسک و چارەنووسسازەدا، بازنەی حیزبحیزبانێ ببەزێنن و

( بۆ تەنیا جارێک!) وەکو کورد و دەسەلاتی یەکگرتووی کوردی، بە پیر رووداوەکانەوە بچن و مامەڵەیان لەتەکدا بکەن.

پەڕۆ سەوز و زەردە شەکاوەکانی نێو کەرکوک و خانەقین، سەوزبوونەوەی گوڵجاڕی وێنەی سەرکردەکان ( لەسەردەمی هەرسی پەیکەر و وێنەکاندا) ، تووشی رەشبینی و نیگەرانییمان دەکەن!.

گوفتار و خیتابە جیاوازەکان، بەکەم گرتنی کورد و زێدەڕۆیی لە پیاهەڵدانی رۆڵی کەمینەئیتنیکەکانی دیکەی کەرکوک، زەقکردنەوەی خیتابی سیاسیی حیزب و سەروەرییەکانی، درێژبوونەوەی دەسەلاتی دووکەرتبووی کوردی بەرەو پانتایی نێوچە تازەڕزگارکراوەکان، پێمان دەڵێن: زۆر نزیکە دەسەلاتی سیاسیی کورد و گەمەی نەفرەتلێکراوی حیزبحیزبانێ و شەڕەپەڕۆ، چارەنووسی کەرکوک لە گێژاو بخەن و ئەم دەرفەتەش لەدەست کورد بدەن!.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت